وەزارەتی تەندروستی فەلەستین لە غەزە ئەمە شەممە ڕایگەیاند، ژمارەی کوژراوانی بەردومان و ئێپەراسیۆنەی زەمینییەکانی ئیسرائیل لە کەرتی غەزە لە 7ی (تشرینی یەکەم/10)ی 2023ەوە تا ئەمڕۆ بە 28 هەزار و 64 کەس بەرزبۆتەوە، هەروەها 67 هەزار و 611 کەسی دیکەش بریندارن



وەزارەتی تەندروستی فەلەستین لە غەزە لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، هێزەکانی ئیسرائیل 16 کەمەکۆڕیان لە دژی بنەماڵەکانی کەرتی غەزە ئەنجامداوە و لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردودا 117 کەس کوژراون و 152 کەسی دیکەش بریندارببون.

ئاماژەی بەوەشکردوە، هێشتا ژمارەیەک قوربانی لە ژێر داروپەردو و لەسەر ڕێگاکان ماون و ئیسرائیل ڕێگری دەکات لە گەیشتن بە تیمەکانی ئەمبولانس و بەرگری شارستانی بۆئەوەی بچن بەهانای لێقەوماوانەوە.